# هەموو پێغەمبەرێک موعجیزەی پێ بەخشراوە کە بەهۆیەوە خەڵکی باوەڕیان پێهێناوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو پێغەمبەرێک موعجیزەی پێ بەخشراوە کە بەهۆیەوە خەڵکی باوەڕیان پێهێناوە، بەڵام ئەوەی بە من بەخشراوە وەحیە لە لایەن خوداوە کە بۆی دابەزاندووم (مەبەست قورئانی پیرۆزە)؛ بۆیە هیوادارم کە زۆرترین شوێنکەوتووم هەبێت لە نێو پێغەمبەراندا لە ڕۆژی قیامەتدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کردووە کە هەموو پێغەمبەران خوای گەورە پشتیوانی لێکردوون، و نیشانە و موعجیزەی سەرسوڕهێنەری پێبەخشیوون کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتییان، و ئەوانەی ئەم موعجیزانە دەبینن وا دەخوازێت دەستبەجێ باوەڕ بە ڕاستگۆییان بهێنن، و مرۆڤی بێباوەڕ لە ئاست ئەم ڕکابەریەدا شکستی هێناوە بە شێوەیەک کە ناتوانێت لە خۆی دووری بخاتەوە، بەڵام ڕەنگە نکۆڵی لێبکات و سەرکێش بێت. و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نیشانە و موعجیزەکەی قورئانە کە خوای گەورە بە وەحی ناردوویەتی بۆی، بەهۆی ئەوەی موعجیزەی ئاشکرا و بەردەوامی تێدایە، و بەهۆی زۆری و گشتگیری سوودەکانی، و بانگەواز و بەڵگە و هەواڵدانی تێدایە سەبارەت بە ڕووداوەکانی داهاتوو؛ بۆیە سوودەکەی گشتگیرە بۆ ئامادەبوو و بۆ ئامادەنەبوو و بۆ ئەوانەی لە داهاتوو دێن، پاشان فەرمووی: هیوادارم کە زۆرترین شوێنکەوتووم هەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65231